ئێران و ڕووسیا پەیوەندیی ستراتیژی و بەرفراوانتر دەکەن



وەزیری دەرەوەی ئێران بۆ سەردانێکی فەرمی گەیشتە مۆسکۆ و بەیارە سبەینێ بۆ جەختکردنەوە لەسەر ئاستی ئێستای پەیوەندییەکانی نێوان هەر دوو وڵاتەکەی و دیاریکردنی چوارچێوەی هاوکاریی ستراتیژی نێوان ئێران و ڕووسیا کۆبێتەوە.

عەباس عراقچی، وەزیری دەرەوەی ئێران ئەمڕۆ سێشەممە 16ـی کانوونی یەکەمی 2025، لە فڕۆکەخانەی شەرمێتیەوە بەرەو پایتەختی ڕووسیا و بەیارە چوارشەممە لەگەڵ سێرگەی لاڤرۆف، وەزیری دەرەوەی ئێستای وڵاتە دیدارێکی گرنگ ئەنجام بدات.

وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا لە ڕاگەیەندراوێکدا وردەکارییەکانی ئاشکرا کردووە و ڕایگەیاندووە؛ تەوەری سەرەکیی کۆبوونەوەکە بەدواداچوون دەبێت بۆ جەختکردنەوە لەسەر ئاستی باڵا لە نێوان ڤلادیمیر پوتن و مەسعود پزیشکیان، سەرۆکی ئێران (لە 12ی کانوونی یەکەم لە ئەشکئاباد و 1ی ئەیلوول لە تیانسزین) وازە کراون.

هەروەها ئامادەکاری دەکرێت بۆ 19هەمین دیداری کۆمیسیۆنی هەمیشەیی هاوبەشی ئێران-ڕووسیا بۆ هاوکاریی ئابووری و بازرگانی کە بڕیارە لە شوباتی 2026 بەڕێوەبچێت، بڵتایبەت لە بواری کانی وزە و گواستنەوەدا.

لە بەشێکی تری ڕایگەیاندراوەکەدا هاتووە، گفتوگۆ لەسەر دۆسیە گەرمە نێودەوڵەتییەکان دەکرێت، بڵتایبەت دۆسیەی ئێتمیی ئێران کە مۆسکۆ پێیوایە "ڕێژاوا کردوویەتی بە قەیران" و هەشداریدەدات لەوەی دەکرێت لەکۆتایی نەرێنی لەسەر ئاسایشی ناوچەکە هەبێت. هاوکات دۆخی ڕێژەڕاتی ناوەڕاست، باشووری قەوقاس، دەریای قەزوین و ئەفغانستان بەشێکی دیکەی گفتوگۆکان دەبن.

مۆسکۆ جەختی کردووەتەوە، تاران و مۆسکۆ خاوەنی یەک هاوپەیمانگەی هاوبەشن بۆ دروستکردنی جیهانێکی فرەجەمسەر و دیموکرات دوور لە هێژموونی تاکلایەنە، ئەمەش لە چوارچێوەی هاوکارییەکانیان لە ڕێکخراوەکانی وەک (BRICS) و (SCO).

سەبارەت بە سزاکانیش، وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا ڕایگەیاندووە: وڵامی فشارە نایاساییەکانی ڕێژاوا، هەنگاو دژنەبین بە ڕێکخستنەوەی سیستەمی دارایی و بانکیی نێوانمان بۆ شێوەیەک کە کاریگەریی سزاکان نەهێڵین.

کۆبوونەوەکە بە ئامانجی بەهێزکردنی پێوەندییە دۆستانەکان و تێواوکردنی ڕێککەوتنی هاوبەشی ستراتیژیی نێوان هەر دوو وڵات بە ڕێوە دەچێت.